

# بازنێکی گەورە بۆ خانمان

ڕەنگاوڕەنگیی ئێکسسوارەکان بە جۆر و شێوازی پۆشینیان دەردەکەوێ و تەنانەت مۆدێیەکی کراوە و جوانیش دەبێ کاتێك لەگەڵ هەر شێوازێکدا ئاراستەیەکی ناسکی پێوە دەبینرێ، لە کاتێکدا هەنگاوەکان بۆ چەسپاندنی جوانییەکی ڕەها لەسەر جەستە، لەگەڵ ئێکسسوارەکانەوە دەست دەکەوێ، زیاتریش کاتێك جۆرە ئێکسسوارێك شێواز و بایەخێکی گرنگی پێدەدرێ و لەگەڵ هەر بەشێکی دیکەی جوانیی جەستەدا ڕێکدەوێت. بۆیە لە هەر ڕوانگەیەکەوە سەیری ئێکسسوارەکان بکەین، چەندین ڕەهەندی جوانیمان دەستدەکەوێ، بە تایبەت لەگەڵ بازنگەکانی دەستدا،، بە تایبەت کاتێك بازنگەکان لەگەڵ دەست و بازووی خانمان گونجاو و هاوشێوە دەبن لە جوانی و شێوە و ڕەنگدا، ئەگەرچی پێچەوانەی مۆدەی پێشوو، کە بازنگی شێوە بچووك مۆدە بوو، کەچی لە ئێستادا زیاتر بازنگی ڕەنگاوڕەنگ و شێوەی گەورە گرنگیی پێدەدرێ لەلایەن خانمانەوە، چونکە ئەو شێوە گەورەیەی بازنگ زیاتر لەسەر دەست دەردەکەوێ و بەشێکی زۆر لە جەستە دادەپۆشێ و ڕەنگدانەوەی جوانی دەبێ.







# پێڵاوی بێ پاژنە بۆ خانمانی باڵابەرز





پێڵاوی خانمان لە دوو جۆری دیاریکراون، یەکێکیان پاژنە بەرزە ئەوەی دیکەش بێ پاژنەیە، هەر یەکە بۆ کات و مەبەستێکی تایبەت یان لەگەڵ جۆرە جلێك لەپێ دەکرێن، پێڵاوی خانمان تەنانەت لەگەڵ شوێن و کاتی خۆی دەبێ، هەروەها ئەو جۆرە پێڵاوەش لەگەڵ ئەو جلانە دەگونجێن کە دەپۆشرێن، یان هەندێك لە خانمان حەز بە جۆرێك لە لەپێکردنی پێڵاوەکان دەکەن، بەڵام نەریتێکی گشتی هەیە ئەویش بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان، زیاتر پێڵاوی پاژنە بەرز دەپۆشرێت، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ جلەکاندا بە جوانی دەربکەون و جەستەی خانمانیش بە جوانی دەربخات، بەڵام بۆ شوێنی دیکەی وەك چوونە دەرەوە یان بازاڕکردن، پێڵاوی بێ پاژنە باوی دەبێ، چونکە خانمان ماندوو ناکات و تووشی ئازاریان ناکات، بەڵام لە مۆدەکانی ئێستادا لە کوردستان گرنگییەکی زۆر بە پێڵاوی بێ پاژنە دەدرێ، تەنانەت بۆ شوێنە گشتییەکانیش لەپێ دەکرێن، بەهۆی مۆدە تازەکانی ئەو جۆرە پێڵاوە کە لەگەڵ گشت جلێکدا دەگونجێ و مۆدەی خۆی دەردەخات، بەڵام گرنگترین شت لە پێڵاوە تازەکاندا، بوونی نەخشێکی سەرەتاییە لەسەرەوەی پێڵاوەکە ئەمەش وادەکات کە لەگەڵ پێستی پێی نەخشێکی جوان و سەرنجڕاکێش دروست بکات.



# لێو دەروازەی جوانیی رووخسارە

گرنگترین بەش لە بواری جوانکاریدا، ئەوەی زیاتر مانای جوانی دەبەخشێ و ڕەنگدانەوەی هەیە لەلایەن خانمانەوە، جوان کردن و بۆیەی لێوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە گەورەترین هەنگاوەکانی خزمەتکردن لەلایەن خانمانەوە کە چۆن بتوانن لەگەڵ شێواز و ماکیاژ و ڕەنگە جیاوازەکانی لێو خۆیان بگونجێنن و شێوازێکی شایستە بە لێو ببەخشن، لە کاتێکدا لێو دەرگای جوانکاری رووخسارە، ئەگەرچی ماکیاژێکی تایبەت بۆ رووخسار بکرێ، بەڵام بەبێ ماکیاژ و بۆیەی لێو، ناگەین بە لوتکەی جوانی، چونکە ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێ، لوتکەی جوانی لە لێو دەست پێدەکات. ڕەنگی لێو لەگەڵ ئەوەی سوورە و کە یەکێکە لە ڕەنگە سەرنجڕاکێشەکان، بۆیە زیاتر بایەخ بە ڕەنگی سوور دەدرێ بۆ بۆیە کردنی لێو، جگە لەوەی ڕەنگێکە و لە دوورەوە دیارە و شێوازێکی ناسك و جوانیشی هەیە، ئەو ڕەنگەی زیاتر باوە بۆ بۆیە کردنی لێو، بریتییە لە ڕەنگی سوور و پەمەیی، هەر یەکە بە شێوازی خۆی، دەکرێ بە تۆخ لێبدرێ یان دەکرێ کاڵ بکرێتەوە و بە قاتێکی کاڵ ماکیاژی لێوی پێ بکرێ.







# قەشەنگی لە تەسریحەکانی قژدا

تەسریحەی قژ، دوای ئامادەکاری لە شێوەیەکی سادە بۆ مۆدەیەکی پایەبەرز ڕێگە دەگرێ و ئەنجامێکی گەورەشی دەبێ، ئەمەش یەکێکە لە داهێنانە جوانەکانی بواری تەسریحە دانان، وەك هەنگاوێکی سادە و سەرەکی، لە قژێکی سادە و خاو دەتوانین چەندین شێوازی جۆراوجۆر لە تەسریحە بەدی بکەین، بە تایبەت کاتێك خانمێکی دەست ڕەنگین ئەو کارە بکات، تەسریحەکان زیاتر پابەندن بە شێواز و جۆری دانانی ستایلی قژەکە، کە لەگەڵ رووخسار و بەشی سەرەوەی جەستەی هەر خانمێك یان کچێك گونجاو بێ، ئەوەی زیاتر لە جوانی تەسریحەکان دەدرەوشێتەوە، شێوەی دواوەی تەسریحەیە بە هەر جۆرێك بێ، شێوازێکی نایاب و رازاوە لەو لایەنە بەدی دەکرێ، زیاتریش دەکرێ سوود لە هەنگاوەکانی قژ بەستن بە تۆقە و ئێکسسوارەکانی قژ وەربگرین لە کاتێکدا هەر جۆرێك لەم بەستنی قژانە، بەها و تایبەتمەندییەکی جوانی دەبێ لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی قژ بەستن لەوانەش : بەستنی خاو – تەسریحەی کلۆش و مودەرەج – تەسریحەی شێوەی کێك و کلکە ئەسپ- کەزی و لوولەیی، لەگەڵ چەندین شێوازی دیکەش کە قژ بەرەو هەڵدێر و قەشەنگی دەبەن.



# پشتێن و کەمەربەند لەگەڵ کراسی کوردی

چەندین جۆرە ئێکسسوار لەگەڵ کراسی کوردی دەپۆشرێن، بە تایبەت ئەوانەی شێوازێکی سادە و ساکاریان هەیە، لە دیمەنێکی خۆیدا لەگەڵ جلوبەرگی تایبەت بە کراسی کوردی هەنگاوێکی گرنگ بە دی دەکرێت لە جوانی جلوبەرگی کوردی، کە لە ڕواڵەتیشدا جلی کوردی پێویستی بە چەند کەرەستە و ئێکسسوارێکی دیکە دەبێ تاوەکو تەواوکەری جوانییەکەی بن، یەکێك لەو بەشە گرنگانەی کە لەگەڵ جلی کوردی دیارە و کراوە دەبێ، ئەویش پشتێن و کەمەرەی پشتە، ئەو دوو جۆرە ئێکسسوارە بایەخێکی گرنگیان پێدراوە لە پێشوودا و ئێستاش کار لەسەر ئەو جۆرە مۆدەیە دەکرێ، بە پێی شێوازە تازەکانی پشتێن و کەمەرەی ئێکسسوار، لە چەندین مۆدەی جیا جیا دروست دەکرێ، هەندێکیان لە قوماش و هەندێکی دیکەش لە پشتێنی زێڕ و زیو بەکاردەهێنرێ، کە هەر یەکەیان شێوازێکی کراوە بەخشە و تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەسەر جلەکە و جەستەی خانمان بە جوانی دیار دەبێ، زیاتریش ئەو پشتێن و کەمەبەرندانە لە شێوەیەکی ئەستوور یان باریك دەبێ، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی بایەخە لە مۆدەکانی ئێستادا، پشتێن و کەمەربەندی باریکە.

# تەونی کوردەواری



چنین تەنها کرداری دروست کردنی مافوور نییە لە خووری و داو بەڵکو کردارێکی چەند قۆناغییە، کاری چنین و یان بە زمانی سادە پێی دەوترێ تەون، کارێکی لە مێژینەی مرۆڤە بۆ دروست کردنی بەشێك لە پێداویستیەکانی رۆژانەی وەك مافوور و بەرە و جاجم و بەتانی و چەندین شتی تر، سەرەتای کاری چنین بە بڕینەوەی مەر و ماڵات دەست پێدەکات پاش ئەوەی خورییەکە دەشورێتەوە بەردێت بۆ خۆشکردن و چاککردنی لە دوایدا ئەو خورییە بە تەشی دەکرێت بە گۆی گەورە گەورەی داوە بەن، لەبەر ئەوەی رەنگی خوری سپییە پێویستی بە رەنگ کردن هەیە، رەنگ کردنیش کردارێکی ترە بۆ ئامادەکرنی پێداویستەکانی چنین و تەون بەشێوەیەك کە لە مەنجەڵی گەورە گەورە ئاو گەرم دەکرێت و پاشان رەنگ و خورییەکەی تێدەکەن بۆ ئەوەی رەنگ بگرێت ئینجا دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئامێری تەون، ئامێرە تەونیش بە دووشێوە بوونی هەیە یان ئەوەتا لە سەر زەوی دادەنرێت یانیش هەڵدەواسرێت و بە پێی نەخش و قەبارە داواکراو پێداویستیەکانی لێوە دروست دەکرێ، ئەوەی شایەنی باسە کاری چین و تەون لە پێشتردا لەبەر ئەوەی بەدەست بووە ماوەو کاری زۆری دەویست، بەشێوەیەك مافوورێکی قەبارە ئاسایی نزیکەی ٣٠ رۆژی تەواو کارکردنی دەویست بۆ دروست کردنی، سەبارەت بە قەبارە و شێوەی مافوورەکانیش لە پێشتردا بە درێژی دیاری کراو نەبووە وایە تەنها بەقەبارەی دەست دروستیان دەکرد هەر پارچەیەك ٤ بست بووە و درێژییەکەشی بە پێی ویستی داواکارەکان بووە.








# تەمەنی ٣١ ساڵەو وەک منداڵ رەفتار دەکات!!

یەکێك لەو دیاردەی سەیرانەی کە بۆ پیاوێکی ئەمەریکی دەرکەوتووە، کە سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکی گەورەی هەیە، بەڵام لە رەفتار و شێوە و مێشك و بیر کردنەوە وەك منداڵێکی دوو ساڵانە وایە، (ستانلی سۆرتۆن) ئەو کوڕە گەنجەیە کە تەمەنی (٣١) ساڵە، بەڵام وەکو منداڵێکی ساوا وایە، کە هەردەم دایکی خەریکیەتی، تەنانەت ئەگەر برسی بێت وەکو منداڵێکی بچووك دەست بە گریان دەکات و بەبێ حەفازە پۆشین ناتوانێ و دەست بە گریان دەکات، ئەمەش تەمسیل کردن نییە و حاڵەتەکە راستەقینەیە، بەهۆی گەورە نەبوونی خانەکانی مێشکی وایە و ئەمەش بەپێی راپۆرتی پزیشکی کە بۆ ئەو منداڵە گەورە کراوە، ئەوەی سەیرە رۆژانە نزیکەی (٢) دۆلکە ئاو و شیر دەخواتەوە!





# وێنەکێشان لـــــە سابوون !

هونەری وێنەکێشان گرنگیەکی زۆری پێدەدرێ لە سەرتاپای جیهان، تەنانەت چەندین وێنەکێش لە پێشوودا دەرکەوتوون و لە گەڵ ئەوەشدا رۆژانە کەسانی بەهرەمەند لەو بوارەدا کارەکانیان جێگەی بایەخ و گرنگی دەبێ، بەڵام ئەوە گرنگە کاتێك کەسێکی بەهرەمەند بتوانێ سوود لە کەرەستەیەك وەربگرێ بۆ دروست کردنی چەندین وێنە و نەحت و تابلۆی سەیر، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کچە بەهرەمەندێکی ئیتاڵی بە ناوی (لۆرایا)، بیرۆکەی لە دروست کردنی وێنەی جوان بوو لە سابوونی دەست شووشتن، لە گەڵ ئەوەی بیرۆکەکەی بە جوانی جێبەجێ کرد و توانی لە سابوون چەندین شێوەی دیکەی لێ دروست بکات و ببێتە بەرهەمێکی وێنەکێشان و نەحت کردن.



# نمایشی مار !

لە یەکێك لە نمایشە سەیرەکانی کە ساڵانە لە وڵاتی بەرازیلدا ئەنجام دەدرێ، بریتییە لە نمایشی چەندین کەرەستە و کەلوپەل کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێ و لەلای گرنگە، ئەمەش بەپێ هەندێك کەسانەی ئەو کەرەستانە گرنگی پێدەدەن، لە کاتێکدا لەلای کەسانی دیکەی جێگەی بایەخ نین، لەو نمایشەدا کچان و پیاوان، ئەوانەی دۆستایەتی وهاوڕێتی گیانداری خشۆکی مار دەکەن، لەگەڵ ئەوەی چەندین مار لە شان وملیان ئاڵابوو، هەروەها بە زەردەخەنەوە لەگەڵ مارەکان نمایشی قەشەنگ و سەیریان ئەنجام دا، ئەمەش وەك گوزارشتێك لە هاوڕێتی نێوان مرۆڤ و گیاندارانی دیکە.

# وێنەدرووستبوون لەسەر جەستە






خانمێکی ئەمریکی لەولایەتی نیویۆرك بەناوی ئاریانا رۆسیل تووشی نەخۆشیەکی سەیر بووە بە شێوەیەك کە پێستی بەر هەر تەنێك بکەوێت شێوەی تەنەکە لەسەر جەستەی بەدیار دەکەوێت، واتە بە شێوەی ئەو شتەی پەستانی دەخاتە سەر جەستەی شێوەکەی بە دیار دەکەوێت، لەگەڵ هەراسانبوونی بەم نەخۆشییە، بەڵام ئارینا بێ ئومێد نەبووە بە پێچەوانەوە ئێستا جەستەی خۆی وەك کاغەزێکی وێنە کێشان بەکار دەهێنێت نەخش و شێوەی لەسەر دەردەچووێنێت و پاشانیش راستەوخۆ وێنەی دەگرێت، بەوتەی ناوبراو ئەو کارەی زیاتر ئارامی پێدەبەخشێت و هەست بە ئارامی زیاتر دەکات و کەمتر گوێ بە نەخۆشیەکەی دەدات..

## ژیان و مرۆڤ

لە زانایەکیان پرسی چ شتێك لە مرۆڤ دا جێی سەرنجە؟
لە وەڵامدا وتی : مرۆڤ لە منداڵی بێزار دەبن، هەوڵ دەدەن تا گەورە بن، کاتێکیش گەورە دەبن، ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە بۆ منداڵی و تەندروستی خۆیان لە دەست دەدەن بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامان، هەر ئەو ماڵ و سامانە بەکاردەهێننەوە بۆ گەڕانەوەی تەندروستیان، بە دوودڵییەوە بیر لە داهاتوویان دەکەنەوە، ئەمڕۆیان بیر دەچێت، لە ئەمڕۆ و داهاتووشدا ناژین، بەشێوەیەك دەژین کە هەرگیز نامرن، بە جۆرێکیش دەمرن هەروەك بڵێی هەرگیز نەژیابن.

## کاریکـــــاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا فیلێك هەیە و بزانە چەند قاچی هەیە.



## وتەی ناوداران



- چارلی چاپلن سەبارەت بە هاوڕێتی دەڵێ :
ئاوێنە باشترین و پاکترین هاوڕێی مرۆڤە، چونکە کاتێك کەسێك بە دیار ئاوێنەکەدا بگری، ئاوێنەکە پێناکەنێت !

## زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دیاربەکر) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە،
ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پۆلیسی هاتوچۆ بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کچ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شێوازێکی گۆشت برژاندنە و زیاتر لە گەشتەکاندا ئەنجام دەدرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٦+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خۆماڵییە و خوریی هەیە)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئاوات و خۆزگەت زۆرە، بەدڵنیاییەوە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەت، باری داراییت بەرەو باشتر دەچێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیستی کە کاریگەرییەکی چاکی دەبێت لەسەر ژیانت، لەبواری سۆزدارییەوە، بەرەو پێش دەچیت و بەخت یاوەرت دەبێت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵ بدە بەسەردانی کەسانی خۆشەویست و دڵسۆز خۆت لەم گۆشەگیریە ڕزگار بکەیت، ئەگینا باری دەروونیت خراپتر دەبێت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پەیوەندیە ئەڤیندا ر ییە کەت پێویستی بەسۆز و لێکگەیشتنی زیاتر هەیە، بۆئەوەی زیاتر دڵشاد بیت دیارییەکی بۆ بەریت زۆر باشە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەخۆبایی مەبە بەوەی کەبوویتە جێی سەرنجی کەسانی دەوروبەرت بەهۆی سەرکەوتنەکانت، بەخت هێشتا لەگەڵتایەو سەرکەوتنی زیاتر نزیکە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

سروشتی ژیان وایە، هومور جارێك سەرکەوتن بەدەست نایەت، دڵ لە دڵ مەدە بەم زووانە بەخت یاوەرت دەبێت و سەرکەوتن بە دەست دەهێنیت.

## وتــه

- هەمــوو کـاڵاکانــی سەرزەوی و هەموو سامانەکانی ژێر زەویش هێندەی ڕەوشــت بـەرزی نـرخی نییە.

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | ■ | | | | | |
| ٢ | | | | | ■ | | | | | ■ | | |
| ٣ | | | ■ | | | | | | | | | ■ |
| ٤ | | | | ■ | | | | ■ | | | | |
| ٥ | | | | | ■ | | | | ■ | | | |
| ٦ | | | | | ■ | ■ | | | | | ■ | |
| ٧ | | ■ | ■ | | | | ■ | | | | | |
| ٨ | | | | | ■ | | | | | ■ | | |
| ٩ | | ■ | | ■ | | | ■ | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | ■ | | | | ■ |
| ١١ | | | ■ | ■ | | | | | | ■ | | |
| ١٢ | | | | | | ■ | | | | | ■ | |

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- هەنگاو هەنگاو — دڵسۆز.
٢- هەڵە —نەخشەکێشان(پ)-وەکویەکە
٣- خەست (پ)-گۆرانیبێژێکی کوردە.
٤- پور-بەشێکە لە لەش - ژمارەیەکە.
٥- ئامێریکی مۆسیقایە-پارە- سێ پیتی دەنگ.
٦- چەکێکی ڕاوە(پ)- وڵاتێکی ئەمریکیە.
٧- سەیر(ت) -گەردەلوول.
٨- گوڕ- هاوینە هەوارێکی کوردستانە —ژمارەکەیە.
٩- داریکە (پ) — ئەو دارەی ســیواکی لێ دروست دەکرێت (پ).
١٠- جەنگەڵ(پ)-خشۆکێکە.
١١- گێژ- وڵاتێکی ئەورووپیە (پ)-قامك.
١٢- چیایەکی کوردستانە- گلەیی وگازاندە (پ).

## ستوونی:

١- بەش بەش- پەرژین.
٢- لەت لەت (پ)-شکار(ت).
٣- نیوەی کاوە (پ)- ئامێرێکی مۆسیقایە.
٤- زیاتر-قسە .
٥- گێژ - زەریایەکە (پ).
٦- بنی پێ (پ)- چیایەکی کوردستانە.
٧- جۆرە تەلەفزیۆنێکە (پ)- سەد (ت).
٨- پایە —پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە (پ)- قژ (پ).
٩- قسـەکردنی لەسـەرخۆ (پ)- چیایەکـی کورستانە.
١٠- پایتەختی ڤێتنام (پ)- تەکبیر.
١١- کلۆڵ (پ)-جۆرە ئۆتومبێلێکە (پ).
١٢- میر-کۆنتریـن زانکـۆ لـە جیهـان (پ)-ژمارەیەکە.



# نوکتە

■ جارێکیـان منداڵێـك بـە باوکی دەڵێ: باوکە سـەیری ئـەو وێنەیە بکە بزانە جوانە، باوکی سـەیر دەکات هیچ لە وێنەکەدا نییـە، دەڵێ :کوڕم وێنەی چیت کردووە؟ کوڕەکەش دەڵێ : وێنەی هەندێك گیا و سـەوزایی و مانگایەك، باوکی دەڵێ: کوا سەوزاییەکە؟ منداڵەکە دەڵێ : مانگاکە خواردی، باوکی دەڵێ : ئەی کوا مانگایەکە؟ منداڵەکەش دەڵێ: دوای سـەوزایی خواردنەکە ڕۆیشت بۆ پیاسە !

■ شێتێك لەسەر بیرێکی ئاو دانیشتووە و لە خۆیەوە دەڵێ: ١٩-١٩-١٩، یەکێك بەلایەوە تێپەڕ دەبێ و دەڵێ: بزانم چییە ئەو کەسـە هەر دەڵێ ١٩-١٩-١٩، کە دەچێتـە لای و شـێتەکە پاڵێکی پێوە دەنێت و ئینجا دەڵێ (٢٠-٢٠-٢٠)...

■ یەکێك لە خۆیەوە دەڵێ: ئەوەندە بەد بەختم و ئەگەر بە تەنیا پێشبڕکێ ڕاکردن بکەم، دڵنیام دووەم دەبم !

## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەیەدا کەسـێك هەیە، هەوڵبدە بیدۆزەرەوە!




## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی کچە گۆرانیبێژێکی کوردت بۆ دەردەچێت :

ە ا ز و پ ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو : (بالیسان)



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خۆ شە و یستە کە ت چاوەڕێی زیاترت لی دەکـات، تـۆش زیاتر سنوور مەبەزێنە ئەگینا پەیوەندییەکەت بـەرەو هەڵدێر دەچێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لـەنـاو خـەیـاڵاتـە زیندووەکانی خۆتدا دەژیت، جارێ بیرێك لەمێشکت جێگیر نەبووە بیرێکی تر بەمێشکت دادێت، هەندێك واقعی بە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پـاڵـەپـەسـتـۆیـەکـی تـونـدت لـەسـەرە لەبواری سـۆزدارییـەوە، خۆڕاگربە، چونکە ئەڤینداری لەمەش زیاتر دەهێنێ، ڕۆژانێکی پرشنگدارت لەپێشە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەندە لە ئامۆژگاری ئـازیـزەکـەت هەراسان مـەبـە، چـونـکـە تـۆ بـاری دەروونیت شێواوە پێویستیت بە پشوودان و گەشت و گوزار هەیە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

گـرفـتێك کـە بەدەستیەوە دەنـاڵـێـنـی هـۆش و بیری لـێـسـەنـدووی، هاوسەنگی خۆت بپارێزەو زوو هەڵمەچوو، چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزەرەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئـاگـادربـە کەسێکی سەرلێشێواو ئیرەییت پێ دەبـات بەهـۆی سەرکەوتنت لەبواری سۆزدارییەوە، هەروەها دەیەوێ نێوانتان تێك بدات.